www.kurdistannet.org
22-10-2006 16:10بەكاتی ناوەندی ئەورووپا

# ئـازادی و پێـچەوانەكەی ... كارزان حەمید

كەركوك

ووشەی ئازادی هەزار ماناو لێكدانەوەی جیاوازی هەیە لەلای هەرتاكێكی ئێمەی مرۆڤی سەر ئەم زەمینەیە، وهەر یەكیش لەئێمە بەشێوەیەك وەسفی ئازادی دەكات كە خۆمان پێمان خۆشە وئەمانەوێت نەك ئەوەی كە نامانەوێت.

ئەبێ كام فەرهەنگی ئازادی ڕاست بێت بۆ ئەمرۆی ئێمە ئایا ئەو ئازادییەی كەواتە هەموو كارێك دەبێت بیكەم وئەگەریش دژی خواستی زۆرینەش بووبێت؟! یان ئەوە ئازادییە كە سەربەست بم لەووتنی گشت قسەیەك بێ سانسۆر كردن یاخود بێ فلتەر دانان لەسەر قسەكانم؟! ئەگەر بێینە راستی ئەم ووشەیە هەمووی ڕاستە وهەر هەمووشی هەڵەیە چونكو، ئازادی زۆر شت لەخۆ دەگرێت وشەیەكە كەزۆر مانا ودەلالاتی گرینگ لەخۆ دەگرێت، بەڵام ئازادی لای من شتێكی زۆر جیاوازترە لەوەی خەڵك بیری لێدەكاتەوە ئازادی لای من واتە ژیانی تاك لەپێناو كۆ، ژیان لەپێناو فەلسەفەی تایبەتی خود بێ ئەوەی كاریگەری هەبێت لەسەر ئایندەی خود وهەستی ئەوانی تر، زۆر جاران لێرەو لەوێ گوێمان لێدەبێت كە بەشێوەیەكی زۆر باسی ئازادی دەكرێت لەكۆڕ وكۆبوونەوەكانی جیهانی ونەتەوەیی تاڕادەی ڕشانەوە وقێزكردن لەوشەی ئازادی وسەرجەم ماناكانی، بەڵام كەسێكم نەبینی بڵێت من دژی ئەو ئازادییەم كە ئێوە باسی لێوە دەكەن ودژی سەرجەم ئەو شتانەم كە ئەوفەرهەنگە لەخۆ دەگرێت، من لێرەوە دەڵێم دژی هەموو ئازادییەكی تاكم ودژی هەموو سەربەستیەكم كە وا لەمرۆڤەكان بكات هەر یەكەو بۆخۆی بژێت ومافی نەبێت بەوەی ترەوە چونكی ئەم ئازادییە وای لەمن كرد ڕقم لەخۆم وكۆمەڵگاو هەموو ئەو كارانە بێتەوە كە بەناوی ئەوەوە دەكرێت دەرحەق بەئەوانی تر، من یەكێكم لەوانەی دەیەوێت بەتاك وتەنیا بژێت وتەنانەت هیچ ئاین وخودایەكی ئەم گەردوونە مافی بەسەرمەوە نەبێت، بەڵام جارێك ئایین بەناوی رینومایەكەر دەێت باسی سەربەستی وهەستی ناسك ولێبوردەییم بۆ دەكات كەچی دوای كەمترین كات پێچەوانەی قسەكانی خۆی كارێك دەكات كە هەموو ئەوانەی ڕابردوو ڕەت دەكاتەوە، جارێكی تر پیاوانی مرۆڤدۆستەكان بەناوی برایەتی ویەك بنەماڵەیی باسی كۆمەڵێ قسەی هەلەق وپووچم بۆ دەكات هەم دیسان ئەویش درۆ دەكات، وسەرنجام لەخواكانەوە تا دەگاتە ئەوەی دوو وشە فێری ئازادی دەبێت دەیەوێت هەڵم بخەڵتێنێ بەوەی كە روو لەئازادی بكەم واز لەبیری زەندیقانەی خۆم بێنم دژی ئەو ئازادییە نەبم وببەم بە كۆیلەی ئەو ئازادییە كە ئەوان بانگەشەی بۆ دەكەن.

بەڵام دەكرێت لەجێگەی ئەو ئازادییە ووشەیەكی تر دابنرێت پێچەوانەی ئەو بێت رەنگە دەتوانی ناوی لێبنێت هەرچی ئارەزووی خۆمە ناوی چی لێدەنێم، مافی خۆمە وبەهەموو خەڵی دەڵێم كەس نەیەتە نێو سنووری بیر كردنەوەی ئێتر چیدەكات كێشەی خۆیەتی ئەیەوێت ژیانم ببات وپێی وایە ئەو ڕاستە بەلامەوە گرینگ نیە، بەڵام ئەوەی زۆر بەلامەوە گرینگە وەكو وتم خەتی سووری مەترسیدار نەبەزێنێت ئەگینا وەكو گورگێكی هار دەكەومە گیانی.

ئێمە زیاد لە چەندین هەزار سەدە دەژێن بێئەوەی توانیبێتمان یەك تۆز لە قسەكانی یەكتر نزیك بین، بەڵكو بە پێچەوانەی ئەو ئازادییە رۆیشتین ودەڕۆین وبێئەوەی هەست بەدووریە بكەین كە چەند گەورە بووە وفراوان تر دەبێت؟! دەزانن هۆیەكەی چی بوو، لەبەر ئەوەی هەر كەسێك بەناوی زانست وتێگەیشتنی خۆی باسی ئازادیم بۆ دەكات وناشزانێ بۆ چی ئازادی یان لەپێناو چییە ئەم ووشەیە، ئەگەر لەجێگەی وشەی ئازادی بام خۆم دەكوشت وخۆم لەنێو فەرهەنگی هەموو شتێك خۆم دەردەچواند وتەنانەت ناشهێڵم ماتەمی درۆیینەم بۆ ساز بدەن، چونكە لە ماتەمەكەمدا وەكو حەمامی ژیانی

کۆمەڵگای خۆمانی لێدێت یەك بەرزت دەکاتەوە وئەوی تر بوختانت پێدەکات وسەرت لێتێك دەچێت شتێکی باش وبەسوود بوو یاوەخود شتێکی زەندیق وکافر ونەفرەت لێکراو!.

ئەوەتا مرۆڤێکی دۆستمان دەمرێت یەك ملیۆن قسەی جۆراجۆری بۆ دەکەن، کە جارێ نەزانراوە هۆی چی بوو مرد!، جا چ وشەی ئازادی بەو زەبەلاحەی خۆیەوە کە هەموو دونیا لە هەرچوار لایەکەی بازرگانی پێوە دەکەن، خۆزیا دەمزانی کێ دانەری ئەم وشەیە بوو بۆ ئەوەی رۆژی وەکو دوعای موسڵمانێکی توندرەو رۆژی لەگەڵ پێنج فەرزەکەی خۆی نەفرەتی لێبکەم، ولە دۆزەخیش بیدەمە بەر شەق، چونکە ئەو نەبوایە ئێستا مرۆڤەکان لەخەیاڵێك بوون وخواکانیش لەخەیاڵێکی تر، کەچی ئێستا هەم خوداکانیش بازرگانیت پێوە دەکەن وهەم دیسان مرۆڤەکان وەکو بورژوازییە بچوکەکان لەپاڵ سەرمایەدارەکان بازرگانی خۆیان دەکەن، ئاخر تەنها ئەوەم ئەوێت پێش ئەوەی نەفرەت لەم ژیانە بکەم چ حیکمەتێك لەم بازرگانی کردنە هەیە کە یەکێکمان بەوەی تری نەکەین وەکو بازنەیەکی گەورە؟!، هیوام وایە چ خواکان وچ ئەوانەی بازرگانی بەو وشەیە دەکەن وتێم بگەینن چونکە ئەبێتە حەسرەتێك وئاسودە نابم.

تەنها ئەوە دەڵێم بەسە زۆر ماندوو بوم بەو وشەیە تکایە شتێکی تر دروست بکەن لەجێگەی ئازادی ئێوە چەندی بەکار بهێنن من ئەوەندەی تر دژی دەوەستم وبەرەی خۆم بەهێز دەکەم دژی

Kardax792002@yahoo. com